فایلی هونەری جەماوەرو بۆچوون و لایەنە تایبەتیەکانی ژیانی هونەرمەند لەیلا فەریقی

فایلی هونەری

لەیلا فەریقی لە شاری مەریوان لە دایک بووەو هەر لەتەمەنی منداڵیەوە چوونەتە شاری سنە چون بە ئەصڵ خانەوادەکەی خەڵکی ئەو شارەی رۆژهەڵاتی کوردستانن. لەیلا هەر لە منداڵیەوە وەک خۆی دەڵێ وەکو منداڵ ژیانی نەبردۆتە سەر چوونکە منداڵ لە کاتێکدا دەتوانی وەکو منداڵ و بە پێی ئەو سروشتە بژی کە نازی دایک و باوک شک بەرێ بەلام لەیلا خانم هەر لە تەمەنی 2ساڵاندا باوکی کۆچی دوایی کردووەو لەتەمەنی 5 ساڵیشدا دایکی هەمان شت کۆچی دوایی کردووە ئەو بۆ خۆی دەڵێ بە پێی ئەو تەقالیدەی لە نێو کوردەواریدا هەیە دەبێ کەسە نزیکەکان چاودێری و بەشێک لە سەرپەرشتی کردنی خانەوادەیەک بگرنە ئەستۆ لە دوای کۆچی دایک و باوک بۆیە لەدوای کۆچی ناوادەی دایک و باوکم ئێمەش کەسانێک هەبوون لەبەرامبەرمان ئەو ئەرکە لە ئەستۆ بگرن لەگەڵ ئەوەش خوشک و براکان هەموان پێکەوە توانیمان رووبەرووی ژیان ببینەوە چونکە بەراستی خوشک و براکانم خاوەنی فکرەی جوان و ئازاد بوون. کە بەراستی بۆمن جێی شانازیە گەورەکەشیان خوشکی هەمیشە لەیادم مەرزیە بوو کە ئێستا ساڵیادی کۆچی دوواییی نزیک بۆتەوە، بەلام بەهۆی ئەو هۆکارانەوە کە باسم کرد من یادەوەریەکی خۆشم نییە کە لە منداڵیمدا دروست بووبێت و ئێستا بۆ باسکردن بشێت. لەیلا کچی بچوکی فەریقیەکانەو سۆسەنی خوشکی لە پێشمەرگایەتیدا ماڵئاوایی لە ژیان کردووەو ساڵیک لەمەوبەریش مەرزیە فەریقی خوشکی کۆچی دوواییی کردوو ئێستا 3 خوشک و 3 برای هەیەو بە تەنها خۆی لەو خانەوادەیەدا خزمەت بە هونەر دەکات لەبارەی دروست بوونی فکرەی ئازاد هەر لە منداڵیەوە کاریگەری سەر پەرشتیاری خێزان لەسەر دروست بوونی پرسیارمان لە لەیلا کردو ئەویش لەو وەڵامداووتی: سەرپەرشتیاری خێزان شتێکە کە لە نێو هەموو نەتەوەو وڵاتانی دیکەشدا هەیە ئەوەش مەسئولیەتێکی گەورەو گرنگە چونکە خێزان ئەو زەمینەیەیەکە سەرپەرشتیارەکەی دەی رەخسێنێت بۆ دروست بوونی منداڵ واتا لەوێ منداڵ گۆش دەکرێت و هەر لەوێش دەتوانرێ چۆنیەتی هەڵسوکەتی دیاری بکرێت کە لە ئایندە چۆن دەبێت واتە سەرپەرشتیار ئەگەر دایک بێت یا باوک دەبێ لەناو منداڵەکانی ئازادی لەهەموو لایەنەکانەوە برخسێنێ ئەو دەتوانێت ئاشنایانکات بە هەموو ئەو شتانەی کەپێویستە لە مرۆڤدا بوونیان هەبێت دەتوانێت فێری ئازادی و موماردەسەکردنی ئازادیان بکات. بە دڵنیاییەوە دەبێ سەرپەرشتیاری خێزان تا تەمەنی منداڵەکان دەگاتە ئەو کاتی جێی متمانەبن لەپەنای رەخساندنی ئازادیەکانیاندا چاودێری ووردیان بکات و ئامۆژگاری بە سودیان پێبدا بەلام چاودێری بەو مانایە ناکە بروا بەخۆبوونیان لێ زەوت بکات چونکە مرۆڤ هەر لەمنداڵیەوە فێری بروا بەخۆبوون نەکرێت لە گەورەییشدا ناتوانێت لەوئاستەدابێت کەسودمەندبێت بۆخۆی و دەورو بەرەکەی.

دواتر چوینە نێو هەندێ لە لایەنە تایبەتیەکانی ژیانی خاتوونی هونەرمەند لەیلا فەریقی و لێمان پرسی ئایا لە تەمەنیدا لەیلا عاشق بووە یان عەشق لای ئەو بەمانای چی دێت؟

ئەویش لەوەڵامداووتی: ئەو عەشقەی کە من پێوەی پەیوەست بووبم یان بەوەی بزانم هۆگری بم لەم دنیاداو لەم زەمەنەدا کە تیایدا دەژیم وجودی نییەو لە ئێستادا هەست بە بوونی ناکەم چونکە من وادەزانم عەشق زۆر لەوە گەورەترە کە لێرە باس دەکرێت و پێناسەی دەکەن بەلام لەگەڵ ئەوەش زۆر کات مرۆڤەکان هەست بەبوونی عەشقێک ناکەن تا شتێکیان بەسەر دێت کە هۆکارێت بۆ لەخۆ وورد بوونەوە ئەو کات هەندێ شت روون دەبێتەوە ئامادەن بۆ هەبوونی خۆشویستن و عەشقێک کە بۆ خزت هەست پێتەکردووە بەلام تاکو ئێستا کەسێک نەبووە لە ژیانمدا بەمانای عەشق عاشقی بووبم.

پرسیمان لەیلا چی بە پێوەری عەشق دەزانێ؟ ئایا ئەگەر لە دڵی تۆدا عەشقێک دروست بێت چی دەبێتە هۆکاری؟ لەیلا وتی وەکو ووتم تاکو ئێستا نەبووە کە من کەسێک ببینم و عاشقی بم، چونکە وانازانم بە بینینێک عەشق دروست بێت گەر لە ناخیشمدا عەشقێک دروست بێت ئەوا لە هەڵسوکەوت و تێگەیشتنی بەرامبەرەوە سەرچاوە دەگرێت کە ئایا تاکو چەند تێگەیشتووەو هەڵسوکەوتەکانی جێی سەرنجن؟ هەموو ئەوانە ئەگەر هەبوو ئەو کات پێدەچێت عەشقیش دروست بێت. پرسیمان یانی تاکو ئێستا عەشقێک دروست نەبووە؟ یان عەشقێک دروست بووەو نەتتوانیوە بیدرکێنی؟ لە وەڵامی ئەوەش ووتی پێدەچێ هەستم بە شتی کردبێ بەلام بە مروری زەمەن و درەنگ لێی تێگەشتبم کە عەشقە یان خۆش ویستنە لەگەڵ ئەوەش گەر هەستیشم پێکردبێت لەوانەیە نەمتوانیبێت دەربڕی ئەو ئیحساسەبم. دواتر پرسیمان باشە ئەدی کەسێک هەبووە داوای عەشقی لەتۆ کردبێت و تۆ رەتتکردبێتەوە بە پێکەنینەوە ووتی ئەرێ زۆریش هەبووە چونکە من خۆشەویستی وانابینم لە یەک لەحزەدا دروست بێت و زۆر لەوە گەورەتر لەو مەسەلەیە دەروانم چونکە خۆشویستن شتێک نییە کاتی بێت پێدەچێ رەتکردنەوەکان بەو هۆیەوە بووبن کە کەسەکان دروست نەبووبن و بۆ ئایندە شتێکیان تێدا نەبینرابێت. رەنگە لەو ئاستەدا نەبووبن کە چاوەڕێی ئەوەیان لێبکرێت لەگەڵ ژیانی منداموداردا کەن زۆر گرنگە کەسێکی وەکو من بیر لەهەموو ئەو شتانە بکاتەوە ئەوجا بریاربدات. پرسیم ئەی لەو کاتانەی کە لەخزت وورد بویتەوە بەهۆی بەسەرهاتێکەوە کە خزت باسی دەکەی هەستت بە عەشقێک کردووە؟ یان بەرلەوەی بەرامبەرەکەت رابیگەیێنێت؟ قەت هەبووە لە هەموو تەمەنت دەست پێکی راگەیاندنی عەشقێک لای تۆوە بووبێت؟ ووتی نەخێر. پرسیم بۆچی ووتی نازانم ئەوە تەقلیدێکی زۆر کۆنە و بۆ هەموومان ماوەتەوە دەبێ لە پێشەوە بەرامبەرەکەت رابیگەیێنێت ئەوە وەکو گشتی قسە دەکەم بەلام تایبەت بەخزم ئەو خۆشەویستیەم پێش نەهاتووە کە بۆ یەکەم جار دەربڕی بووبم و بە کەسێکم ووتبێ خۆشم دەوێی. ووتمان ئەمە کێشەیە چونکە بە تەنها لەیلا نا هەموو کچەکانی دیکەی ئەم وڵاتە بەردەوام لە چاوەڕوانی ئەوەدان بەرامبەرەکەیان رابگەیێنێ کە عەشقێکی بۆ ئەو هەیە بەداخەوە لەیلاش هەمان شت دووبارە دەکاتەوە. ئەویش ووتی نا بەهەلە تێمەگەن من لە یەکەم نیگا کەسم خۆشناوێت وکەسیشم خۆش نەویستووە بەڵکو خۆشەویستی دەبێ لەکاتێکدا دروست بێت کە زەمەنێک شیکارو خوێندنەوەت بۆ بەرامبەرەکەت هەبێت بەلام من دەرفەتی ئەوەم نەبووە کە زەمەنێک تەرخان بکەم بۆ ئەو مەبەستە ئەوەش وای کردوە یەکەم کەس دەربڕی خۆشەویستی نەبم نەک شتی دیکە. ووتم باشە کاتێک کە گۆرانی دەڵێیت ئەوە بە پێویست نازانیت کەسێک هەبێت کە گۆرانی بۆ بڵێیت یان بەشێک لە گۆرانیەکانت بۆ ئەو بێت؟ لەیلا خان ووتی با بە پێویستی دەزانم بەلام بەداخەوە تاکو ئێستاش کەسێک نییە تایبەت گۆرانیم بۆ ووتبێت. پرسیمان ئەی هونەرمەندئەگەر هۆنراوەیەک هەڵبژێرێ نزیک لە هەستەکانی خۆی سەرکەوتووتر ناتوێت ئەدای بکات؟ ئەو ووتی بە دڵنیاییەوە ئەگەر هۆنراوە باس لە هەست و ناخی خزت بکات و بۆ گۆرانی هەڵبژێری سەرکەوتووتر دەبی منیش گۆرانیم هەیە کە تەعبیر لە ناخی خزم بکات گۆرانی ئەی رابێ‌یەیەنێ کە عەشقێکی بۆ ئەو هەیە بەداخەوە لەیلاش هەمان شت دووبارە دەکاتەوە. ئەویش ووتی نا بەهەلە تێمەگەن من لە یەکەم نیگا کەسم خۆشناوێت وکەسیشم خۆش نەویستووە بەڵکو خۆشەویستی دەبێ لەکاتێکدا دروست بێت کە زەمەنێک شیکارو خوێندنەوەت بۆ بەرامبەرەکەت هەبێت بەلام من دەرفەتی ئەوەم نەبووە کە زەمەنێک تەرخان بکەم بۆ ئەو مەبەستە ئەوەش وای کردوە یەکەم کەس دەربڕی خۆشەویستی نەبم نەک شتی دیکە. ووتم باشە کاتێک کە گۆرانی دەڵێیت ئەوە بە پێویست نازانیت کەسێک هەبێت کە گۆرانی بۆ بڵێیت یان بەشێک لە گۆرانیەکانت بۆ ئەو بێت؟ لەیلا خان ووتی با بە پێویستی دەزانم بەلام بەداخەوە بەماوەی پێویستی خزیدا تێپەڕێت و خزی پێبگات تا ئەو کاتیش دەبێ خزمەتی بکەیت و ئاوی بدەیت ئەوجا چاوەڕێی میوەکە بکەیت. پرسیم باشە تۆ بۆخزت تاکو ئێستا خزمەتی میوەی عەشقت کردووەو ئاوت داوە تا پێبگات؟ بە پێکەنینەوە ووتی نا نا ئاوم نەداوە. ووتم واتا چاوەڕێی کەسێک دەکەیت خزمەتی باخەکە بکات تا پێبگات کە پێگەشت ئەوجا براکەم لە ئەلبومی پێشوومدا گەر جوان لە شیعرەکەی رابمێنی باس لە ئازادی و سەربەستی دەکات منیش خزم لە پێویستی هەبوونی ئەو لایەنانەدا دەبینەوە بۆیە لە ووتنەکەشدا هەست بەوە دەکرێت کە رزچوومەتە نێو مەبەستی هۆنراوەو ئاوازەکەوە دووبارە لێمان تأکید کردەوە بۆچی کەسێک نییە کە بەتایبەت گۆرانیت بۆ ووتبێت؟ لەوەڵامی ئەوەشدا ووتی پێشتر ووتم پێویستە هەبێت بەلام دەبێ ئەو رۆژە بۆخزی بێت کە کەسێکی تێدا دروست بێت شایەنی ئەوەبێت گۆرانی بۆ بڵێیت ئەو رۆژەش بە زۆر دروست نابێت، گەر زۆر بکەیت یان پەلە بکەیت وەک ئەوە وایە کە پەلە لە میوەیەک بکەیت پێبگات ئەوەش نابێت چونکە دەبێ ئەو میوەیە تۆش دەست بۆ میوەکانی دەبەیت؟ فەریقی لە وەڵامدا ووتی نا مەسەلە ئەوە نییە بەڵکو ژیانی هونەری وای کردوە کە من نەم پەرژێتە سەر ئەو لایەنەی ژیان کە زۆر پێویستیشە بەلام لە دوای ئەو ماوەیەی تەمەن پێدەچێ ئێستا من زیاتر دڵنیا بووبم کە پێویستە ئەوەش هەبێ و گرنگی بەو لایەنەش بدرێت. ووتم واتا لەیلای فەریقی بریاری داوە لە داهاتوو بە جددی بیر لە عەشق بکاتەوە؟ جاریکیدی بە پێکەنینەوە ئەرێ بریارم داوە.

لەدوای گفتوگۆ لەسەر عەشق لە لەیلای فەریقی هونەرمەندم پرسی دەنگری ئەوە هەیە لەیلا بۆ دوجار ژیانی هاوسەری پێک هێناوەو لە هاوسەرەکانی جیا بۆتەوە ئەمە تا چەند راستە؟ تاکو ئێستا بەماوەی پێویستی خزیدا تێپەڕێت و خزی پێبگات تا ئەو کاتیش دەبێ خزمەتی بکەیت و ئاوی بدەیت ئەوجا چاوەڕێی میوەکە بکەیت. پرسیم باشە تۆ بۆخزت تاکو ئێستا خزمەتی میوەی عەشقت کردووەو ئاوت داوە تا پێبگات؟ بە پێکەنینەوە ووتی نا نا ئاوم نەداوە. ووتم واتا چاوەڕێی کەسێک دەکەیت خزمەتی باخەکە بکات تا پێبگات کە پێگەشت ئەوجا ژیانی هاوسەریت پێک هێناوە؟ لەیلا بەسەر سورمانەوە ووتی باشە کە زیاتریشیان لە دووان نە ووتوە چونکە خەلک هەر لەخزرا شتی ببینەما دروست دەکات. نەخێر تاکو ئێستا ژیانی هاوسەریم پێک نەهێناوەو دەست گیرانیشم نەبینیوە.

لەبارەی تێگەیشتنی کورانی کوردەوە